کەشناسی عێراق: سبەی سێشەممە تەم و مژێکی چڕ زێربەی ناوچەکانی وڵات دەگرێتەوە



کەشناسی عێراق هۆشداری دەدات کە سبەی سێشەممە لە کاتەکانی سپێدەو بەیانیدا، تەم و مژێکی چڕ زێربەی ناوچەکانی وڵات دەگرێتەوە بەشێوەیەك کە لە هەندك ناوچە ئاستی بینین بۆ سفر کەم دەبێتەوە.

کەشناسی عێراق، ئەمڕۆ دوشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، لە کاتەکانی سپێدەو سەرلەبەیانیی سبەی سێشەممە، تەم و مژێکی چڕ سەرتاسەری عێراق دەگرێتەوە جگە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵات، ئەوەش بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی شێ و کەمبونی خڕایی با.

ئەوەشی خستەڕو، پێشبینی دەکرێت ئاستی بینین بەتەواوەتی کەم ببێتەوەو لە هەندك ناوچە بگاتە سفر بەتایبەت لە ڕێگەکانی دەرەوەی شارەکان و ناوچە کراوەکان.

هۆشداریشی داوە لەبارەی مەترسیداربونی هاتوچڕ لە ڕێگەکانی دەرەوەو دروستبونی کاریگەری لەسەر جوڵەی گواستنەوە لە کاتەکانی سەرەتای بەیانیدا.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، چی تەم و مژەکە پێ بەپێ تاوەکو کاتەکانی نیوەڕۆ کەم دەبێتەوەو ئاستی بینینش تادەیەك دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی.